# کارل مارکس

**جۆن سوینتن★★**

**ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەی کوردستانو خۆپیشاندانە بێووچانەکانی لاوانی فەرەنسا!**

**جمال محسن**

لەم ماوانەی دواییدا لاوانو خوێندکارانی کوردستان بۆ داخوازییەکانیان لە باشکردنی ژیانو وەزعیەتیان، وە هاوکاتیش خەڵکی توورەی هەڵەبجە دژ بە دەسەڵاتو بۆ باشکردنی باری ژیانیان خۆپیشاندانیان ساز دا. هاوکاتیش ئەم ماوانەی دوایی لە فەرەنساش لاوانی توورە لە بڕیاری ئاسانکاری بۆ سەرمایەداران بۆ دەرکرنی کرێکارانی لاو لەسەر کار، بە سەدان هەزار کەس ڕۆژانە ئەڕژێنە سەر شەقامەکانو داوای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە ئەکەن. جووڵانەوەو جموجۆڵی کرێکارانو خەڵکی بێبەش لە هەرشوێنێکی دنیاو خەباتی ڕۆژانەی ئەوان تەنهاو تەنها لە پێناو باشکردنی ژیانو ئاڵوگۆڕدایەو لە باوەڕی قووڵی ئینسانەوە بەوەی کە ئەوە ئیمکانی هەیە، سەرچاوەی گرتووە. بەڵام ئەم خەباتە ڕۆژانەیە، لەسەراسەری جیهاندا، پێویستی بە بەدەستەوەگرتنی کۆمۆنیزمی مارکس هەیە. خەباتێك کە مارکس لەسەراسەری ژیانیدا بۆ چرکەیەکیش کۆڵی لێنەدا، میتۆدێك کە ئەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ژیانە هەڵگەڕاوەیە بەکاریهێنا، ئینسانەکان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی هاوچەرخی سەرمایەدا، وەك نانو ئاو، پێویستیان پێیەتی.

ئەم نووسراوەیەی خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی نوسراوێکی (جۆن سوینتن)※ ە بە ناوی (کارل مارکس) ەوە کە لەساڵی 1880دا بڵاوی کردۆتەوە. وەرگێڕانی ئەم بابەتە پێشکەشە بە نارازایەتیەکانی ئەم دوواییانەی شارەکانی کوردستانو توورەیی شۆڕشگێڕانەی لاوانی کرێکارو خوێندکاران لە فەرەنسا.

**جمال محسن** jamal_muhsin@yahoo.com 2006/03/30

کارل مارکس

جۆن سوینتن※※

یەکێك لە مرۆڤە هەرە ناودارەکانی ئەمڕۆ، کە ڕۆڵێکی ئەفسوناوی بەڵام بەهێزی لە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەدا گێڕا لەم چل ساڵەی دواییدا، کارل مارکسە. مرۆڤێك کە حەزی خۆدەرخستنو ناوبانگی نەبوو، هیچ گرنگی بە لە خۆبایی بوونو هێز نیشاندان نەئەدا، نە پەلەی بوو وە نە ماندوێتی ئەناسی، مرۆڤێکی خاوەن مێشکێکی بەهێز و ڕۆشنو کراوە. مرۆڤێك کە مێشکی پڕە لە پرۆژەی کاریگەر، میتۆدی لۆجیکانە، ئامانجی عەمەلی. مرۆڤێك کە لە پشت ئەو بومەلەرزانەوە بوو، وە ئێستاش هەیە، کە چەندین نەتەوەی هەژاند و چەندین تەختی پاشایەتی دارماند، وە ئێستاش (زیاتر لە هەر کەسێکی تر لە ئەوروپا) هەڕەشە لە سەرانی تاج بەسەر و هەڵخەڵتێنەر ئەکات، بە خودی "جۆزیف مازینی"※※※ شەوە. قوتابیەکەی بەرلین، ڕەخنەگرەکەی هیگڵیزم، سەرنووسەری بڵاوکراوەکان، وە پەیامنێری کۆنی (نیویۆرك تریبیۆن). ئەو چۆنایەتیەکانی خۆی و ڕوحییەتی خۆی نیشاندا، کە دامەزرێنەرو ڕۆحی سەرەکی "ئەنتەرناسیۆنال" ی تۆقێنەر و نووسەری "سەرمایە" یە. ئەو لە نیوەی وڵاتەکانی ئەوروپا وەدەرنراوە، وە لە نزیکەی هەموویاندا بە قاچاخ دانراوە، وە لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردووەوە پەناگەی لە لەندەن بە دەست هێناوە (واتە وەك پەنابەر نیشتەجێ بووە_ وەرگێڕ). کاتێك لە لەندەن بووم، ئەو لە ڕامسگێیت بوو، کە شوێنێکی حەوانەوەی خەڵکی لەندەنە لە کەنار دەریا. لەوێ و لە کوخەکەی خۆی بینیمەوە کە لەگەڵ خێزانە دوو نەوەکەیدا بوو. ئەو ژنە ڕوو پڕ لە میهرو دەنگ شیرینو سەرنجڕاکێشو بەڕێزەی لەبەردەرگا بەخێرهاتنی کردم بێگومان ژنی ماڵەکە بوو وە هاوسەری کارل مارکس بوو. ئایا ئەم پیاوە سەرگەورە، میهرەبانە، ڕێزدارە، تەمەن 60 ساڵەیە کە قژێکی درێژی پڕی بۆزی هەیە، کارل مارکسە؟ ئاخافتنەکەی ئاخافتنی "سوقرات"ی بیر ئەهێنامەوە زۆر ئازاد، زۆر ڕۆشن، زۆر خولقێنەر، زۆر تیژ، زۆر ڕەسەن ___ بە شێوازە گاڵتەئامێزانەکەی، بە ڕووخسارە سوعبەتچی و قۆشمەکانی. ئەو دەربارەی هێزە سیاسیەکانو بزووتنەوە ناودارەکانی وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا قسەی ئەکرد: وەك ڕەوتی فراوانی ڕوحی ڕوسیا، جووڵانەوەکانی هزری ئەڵمانی، ئاکسیۆنی (حەرەکەی) فەرەنسا، وە نەبوونی جموجۆڵ لە ئینگلتەرە. ئەو بە ئومێدەوە سەبارەت بە ڕوسیا، فەلسەفیانە سەبارەت بە ئەڵمانیا، بە خۆشحاڵییەوە سەبارەت بە فەرەنسا وە بە نیگەرانی یەوە سەبارەت بە ئینگلتەرا ئەدوا، کە بێبایەخانە ئاماژەی بۆ "ڕیفۆرمی ئەتۆمی" ئەکرد کە لیبراڵەکانی پەرلەمانی بەریتانی کاتی خۆیانی پێوە ئەبەنە سەر. ئەو کە خەریکی لێکۆڵینەوەی وڵاتەکانی ئەوروپا بوو وە ڕووکەشو بنەمای سیفاتەکانو پێشڤەچوونەکانو کەسایەتییەکانی دیاری ئەکرد، وای نیشان دا کە شتەکان بەرەو کۆتایی

ئەچن‌و ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەركی پێ ئەكرێت. هەمیشە كە قسەی ئەكرد، سەرم سووڕ ئەما. گومان لەوە نەبوو كە ئەم مرۆڤە، كە كەم لەبارەیەوە بینراوو بیستراوە، زۆر قوڵ ڕۆئەچێتە زەمەنەوە: وە لە نێڤاوە (كە ڕووبارێكی ڕوسیایەو درێژ ئەبێتەوە بەرەو كەنداوی فنلاند لە دەریای باڵكان_ وەرگێڕ) تا سێین (كە ڕووبارێكی باكوری فەرەنسایەو شوێنێكی زۆر گرنگی بازرگانی بووە لەسەردەمی ڕۆمەكاندا_ وەرگێڕ)، لە ئوراڵسەوە (زنجیرە شاخێكی ڕوسیای ڕۆژئاوایە كە لە جەمسەری باكورەوە درێژئەبێتەوە بۆ دەریای كاسپیان، ئەمە سنورێكی ترادشناڵی نێوان ئاسیاو ئەوروپایە_ وەرگێڕ) تا پایرەنیس (زنجیرە شاخێكی باشوری ڕۆژئاوای ئەوروپایە كە لە سنوری نێوان فەرەنسا-ئیسپانیا درێژ ئەبێتەوە لە كەنداوی بیسكەی تا دەریای ناوەڕاست_ وەرگێڕ) كاری لەسەر ئەكرد كە خۆی بۆ داهێنانێكی نوێ ئامادە ئەكرد. ئێستا ئیتر كە گۆڕانگاری زۆر خوازراو ڕوویانداوە، زۆر خەباتی پاڵەوانانە بینراوە، وە كۆماری فەرەنسا گەیشتۆتە بەرزایی، كارەكانی وەك پێشوو بە فیڕۆ ناڕوات. كاتێك كە قسەی ئەكرد، ئەو پرسیارەی كە ئەمكرد "ئەی بۆچی ئێستا هیچ ناكەیت؟"، وەك پرسیاری كەسێك كە فێر نابێت ئەهاتە پێش چاو، هی كەسێك كە ئەو نەیئتوانی وەڵامێكی ڕاستەوخۆی بداتەوە. وە كاتێكیش ئەمپرسی كە بۆچی كارە مەزنەكەی "سەرمایە"، كە كێڵگەی تۆوی زۆر بەرهەم بوو، نەكراوە بە ئینگلیزی هەروەك چۆن لە بنەڕەتە ئەڵمانیەكەیەوە كراوە بە ڕوسی‌و فەرەنسی، لەوە ئەچوو نەتوانێ پێم بڵێ. بەڵام ووتی كە گوایە پێشنیازێكی وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی لە نیویۆركەوە پێگەیشتووە. ووتی كە كتێبەكە چەند بەشێكە، بەشێكی لە سێ بەش پێكهاتووە، دووانیان هێشتا چاپ نەكراوە، بەڵام تەواوی سێ بەشەكە بریتین لە "زەوی"، "سەرمایە"، "قەرز". ئەو ووتی كە ئەم بەشەی دواییان لە ئەمریكا زۆری لێ چاپ كراوە چونكە مەسەلەی قەرز لەوێ زۆر پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. بەڕێز ماركس چاودێری ئەوەیە كە لە ئەمریكا ڕووئەدات، وە تێبینیەكانی سەبارەت بە هێزە پێكهێنەرو بنەڕەتیەكانی ژیانی ئەمریكی زۆر بەپێز بوون. لەپەیوەند بە "سەرمایە" كەیەوە ووتی كە هەر كەسێك بیەوێت بیخوێنێتەوە ئەوا وەرگێڕانە فەرەنسیەكەی لە زۆر ڕووەوە لە ئاستێكی زۆر بەرزتر لە ئۆریژناڵە ئەڵمانیەكەی ئەبینێت. ماركس ئاماژەی بە هێنری ڕۆچەفۆرتی فەرەنسی كرد، وە لە قسەكانیدا سەبارەت بە لایەنگرانی كۆچكردوویدا، وەك باكونینی تووڕە، وە لاسالی زیرەك، وە كەسانی تر، تێ ئەگەیشتم كە ڕەسەنایەتیەكەی ئەم چەندێك كاریگەری لەسەر ئەو مرۆڤانە داناوە، كە لە هەلومەرجێكی تردا ڕەنگ بوو ڕێڕەوی مێژوو ئاڕاستە بكەن.

دوانیوەڕۆ كز بوو بوو بەرەو ئێوارەیەكی هاوینی ئینگلاند كاتێك كە بەڕێز ماركس دەئاخافت‌و پێشنیاری ئەوەی كرد پیاسەیەكی قەراخ ئاوەكە بكەین، كە لە كەنارەكەیدا هەزاران كەس، كە بە زۆری مناڵ بوون، خۆیان دابووە بەرخۆر. لێرەو لەناو لمەكەدا ئەندامانی خێزانەكەیمان بینی ___ هاوسەرەكەی، كە بەخێرهاتنی كردبووم، هەردوو كچەكەی‌و مناڵەكانیان، وە هەردووك كوڕەزاكەی، كە یەكێكیان پرۆفیسۆرە لە كۆلیژی كینگ لە لەندەن، وە ئەوی تریشیان، پێم وایە، پسپۆڕی ئەدەبی بوو. كۆمەڵێكی دڵخۆشكەر بوون، كە هەموویان دە كەس ئەبوون، باوكی دوو كچە گەنجەكە كە لەگەڵ مناڵەكانیاندا دڵخۆش بوون، وە نەنكی مناڵەكان كە پڕ لە شۆڕو شەوق و هێمنی سروشتی هاوسەریەكەی بوو. كارل ماركس لە ڤیكتۆر هۆگۆ كەمتر بە جوانی لە هونەری باپیرێتی تێنەگەیشتبوو، بەڵام لە هۆگۆ بەختەوەرتر بوو، مناڵە بە شووەكانی ماركس لە ژیاندابوون‌و ژیانی ئەویشیان پڕ لە شادی كردبوو. كاتێك شەو داهات خۆی و كوڕەزاكانی لە خێزانەكەیان جیابوونەوە بۆ ئەوەی كاتژمێرێك لەگەڵ میوانە ئەمریكیەكەیاندا بەرنەسەر. وتووێژ سەبارەت بە دنیا، مرۆڤ، زەمەن‌و بیروڕا بوو كاتێك كە لەسەر دەریا پەرداخەكانمان ئەزرنگاندەوە. شەمەندەفەرەكە چاوەڕێی كەس ناكات‌و شەو وا دادێت. لەبەرامبەر بیركردنەوە لە غەڵبە غەڵب و غەمی تەمەن‌و سەردەمەكاندا، لەبەرامبەر قسەكانی ڕۆژمان‌و دیمەنەكانی ئێوارەدا، هەروا لە مێشكمدا پرسیارێك درووست بوو سەبارەت بە دوایین یاسای بوون كە ئەمویست وەڵامەكەی لەم حەكیمە وەربگرمەوە. ڕۆچوومە ناو قووڵایی زمان، بەرزبوومەوە بۆ بەرزایی جەختكردنەوە، پاش ماوەیەك لە بێدەنگی‌و بەو ووشە چارەنووسسازانە لە شۆڕشگێڕو فەیلەسوفەكەم پرسی: "چیە؟" (واتە دوایین یاسای بوون یان ژیان چیە؟_ وەرگێڕ) وا دیار بوو مێشكی بۆ چركەیەك لەوێ نیە كە تەماشای دەریاكەی لە پێشەوەو خەڵكە بێ ئیسراحەتەكەی لە كەنارەكەدا ئەكرد. پرسیمەوە "چیە؟"، كە بە دەنگێكی قوڵ‌و غەماوی وەڵامی دایەوە: "خەبات!"

لەسەرەتادا وەك ئەوە وابوو كە گوێم لە سەدای (دەنگدانەوەی_ وەرگێڕ) بێئومێدییە، بەڵام ،ڕەنگە، ئەوە یاسای ژیان بووبێت.

---

*جۆن سوینتن سەرنوسەری بڵاوكراوەیەك بوو لە نیویۆرك، لە مانگی 8 ی ساڵی 1880 دا ئینتەرڤیوێكی لەگەڵ ماركسدا سازداوە، كە لە مانگی 9 ی هەمان ساڵدا وەك بابەتێك لە ژێر ناوی (كارل ماركس)دا بڵاوبۆتەوە. كە ئەمە وەرگێڕدراوی كوردی ئەم دەقەیە.

** ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی ئەرشیفی ماركسیستەكان بەشی ئینگلیزی وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە بۆ كوردی.
http://www.marxists.org/archive/marx/bio/media/marx/80_10_06.htm

*** جۆزیف مازینی ناسیۆنالیستێكی ئیتاڵی بوو كە لە ساڵی 1832 دا ئیتاڵیای لاوی (یان تازەی) دروستكرد، بزووتنەوەكەی ئەو دواتر بووە ئیلهامبەخشی گروپە ناسیۆنالیستەكان لە تەواوی ئەوروپادا (ئەم زانیاریە لە گوگڵەوە وەرگیراوە).